# مسومان ئر ل دا رسار لرا شاهد ددات ب لا إله إلا الله و محمد رسول الله

له‌ بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مسوڵمان ئەگەر لە گۆڕدا پرسیاری لێکرا شاهێدی دەدات بە (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) و (مُحَمَّد رَسُولُ اللهِ)، سەبارەت بەم ساتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {يُثَبِّتُ اللهُ الذِينَ آمَنُوا بالقَوْلِ الثَّابِتِ في الحَيَاةِ الدُّنْيَا وفي الآخِرَةِ...} [إبراهيم: 27]، واتە: {ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە خوا دامەزراویان دەکات بە ووتەی بەڕێ وجێ (کە شایەتمانە) ... لە ژیانی دونیا}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیماندار لە گۆڕدا پرسیاری لێدەکرێت لەلایەن دوو فریشتەوە کە بەم کارە ڕاسپێردراون؛ ئەوانیش بەناوەکانی مونکەر ونەکیر، بەندەی ئیماندار شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی ئەمە وتەی دامەزراو وبەجێیە کە خوای گەورە سەبارەتی دەفەرموێت: {يُثَبِّتُ اللهُ الذِينَ آمَنُوا بالقَوْلِ الثَّابِتِ في الحَيَاةِ الدُّنْيَا وفي الآخِرَةِ...} [إبراهيم: 27]، واتە: {ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە خوا دامەزراویان دەکات بە ووتەی بەڕێ وجێ (کە شایەتمانە) لە ژیانی دونیا...}.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4206

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee